# دەستێکەڵکردنی ناسیۆنالیزمی کورد لەگەڵ لیستی شیعە، پەڵەیەکی رەش بۆ مێژوو

ناسیونالیزمی کورد بە بەڵێنو فروفیشالی بەرگرتن لە بەدیلو بالادەستی ئیسلامی شیعەوە چووە ناو هەلبژاردنەوە، لەم بارەیەشەوە بۆ چەواشەکاری دەستی بە مەیلی دژی ئیسلامی خەلکی کوردستانەوە گرتو گفتی ئەوەیدا کە ئەگەر هەرچی دەنگی زۆرتری پێ بدەن بە دەوری خۆی، بۆ علمانیەتو بەرگرتن لە بەدیلی ئیسلامی هەولدەدات. بەلام وەکو هەمیشە هەر هەمان ئەوەی خەلکیان پێ‌ی فریودا کردیان بە کەرەستەیەك بۆ سات‌و سەودای خۆیان. دوای گالتەجاری هەلبژاردن بە گەرمی کەوتنە بەندوبەست‌و سازدانی هاوپەیمانی لەگەل کۆنەپەرستانەترین لیستی "ئیسلامی شیعە" لە سەر ساحەی سیاسی عیراق. راستەوخۆ شانیاندایە ژێربالی بەدیلو کاندیدی ئەم لیستە کۆنەپەرستە بۆ بەدەستەوە گرتنی دەولەت.

مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتی سەرتاپای بەلگەی ئەوەیە، کە ئەم بزووتنەوەیە تا سەرمۆخ کۆنەپەرستانەیە، هیچ رەگەو رەوتیکی پیشکەوتوانەو هاوچەرخی تیا نیە، لەگەل هیچ یەك لە خواست‌و ئارەزووە مودیرنەکانی خەلکی ئازادیخواز نایەتەوە. پابەندی هیچ پیوانەو پرەنسیپیکی سیاسی‌و ئەخلاقی نیە، لە پیناو ئامانجە کۆنەپەرستانەکانی خۆیدا، هاوکاری لەگەل هەموو کۆنەپەرستیەك دەکات، هەموو دەستیك ماچ دەکات، ئامادەیە لە هەموو تاوانیك بەشداری بکات بەو مەرجەی شتیکی پی ببرێ، هەم عەمامەو هەم قات‌و بۆینباغ دەپۆشێ، هەم ئیسلامیەو هەم لە کاتی پیویستدا فروفیشالی علمانیەت دەکات.

مێژوویەك لەگەل بەعس‌و صدام بەندو بەست‌و سەوداو ماچ‌و موچیان کرد، خواستی خەلکیان داشکاند بۆ ئاستی ئیمتیازاتیك بۆ خۆیان. لە دوو سالی دوای رووخانی بەعسیشدا، لەگەل هەرچی دەستەوتاقمی فاشیست‌و ناسیونالیستی عەرەبی‌و ئیسلامی هەیە، ریاکاری‌و دەست لەملانیان کرد. بەلام بەرامبەر بە عەرەبزمانە قوربانییەکانی شۆفینیزمی عەرەبدا، شۆفینیستی ترین سیاسەتیان گرتەپیش‌و خەلکیان بۆ قەومپەرستی‌و فاشیزم هاندا. لە کرکوك‌و خانەقین ئاوی شەرو دووبەرەکی قەومیان بۆ خەلك رشت، بەلام خۆیان لە بغداد دەستیان خستە ناو دەستی شۆفینیستە عەرەب‌و ئیسلامیەکانەوە بۆ ئەوەی لە پیناو ئیمتیازیك بۆ خۆیاندا ئەم کۆمەلگایە بخەنە ناو کارەساتەوە.

ناسیونالیزمی کورد دەسکەوتی 14 سال دابراوی کوردستان‌و هاتنەدەرەوەی لە ژێر دەسەلاتی دەولەتە مەرکەزیە شۆفینیستەکانی مەرکەزی، هەرزانفرۆش کرد بۆ ئەوەی خۆی لە دەسەلاتی مەرکەزیدا سوچیکی پی ببرێ. بەم مەبەستەوە خەلکی بۆ ناو گالتەجاری هەلبژاردن پەلکیش کرد. بەهانەو بەلگەی سەرەکی هاندەرانەی بۆ فریودانی خەلك‌و راکیشانیان بۆ بەردەم صندوقەکانی دەنگدان، بەرەنگاری بوو لەگەل ئیسلامی شیعە. تەنانەت شەرمیان لەوە نەبوو کە بە خەلك بلین ئەگەر لە حیزبەکانی کوردایەتیش دلگیرو بە قینن، تکایە بەشداری هەلبژاردن بکەن‌و دەنگبدەن بە کورد ئەگینا ئیسلامی شیعە بالادەست دەبیت. تەنانەت باکیان لەوە نەبوو کە قبولی بکەن خۆیان خراپن بۆیە ووتیان هیچ نەبی دەنگ بدەن بە خراپ لەبەرامبەر خراپتردا. بەلام دوای ئەو هەموو فروفیشال‌و فریوکاریە، ئەمجارە خۆیان دەستیان هەر لەگەل ئەو ئیسلامی شیعەیە تیکەلکرد کە بریاربوو بەرامبەریان بگرن، خۆیان چونەتە پشتی دەسەلاتی ئەو ئیسلامیە

شیعانەی كە بریاربوو ئەمان بە سواری دەنگی خەلكی كوردستان ریگا لە بالادەستی پەیداكردنیان بگرن. لە پیناو چەند دەسكەوتیك بۆ خۆیان.

تا كاتیك پیویستیان بەوەبوو ئارەزووەكانی خەلك بە بارمتە بگرن، حكومەتو دەستوری علمانیان وەكو یەكیك لە خەتە سورەكان ناودەبرد كە نایەلن لە بەزاندن بیت. كەچی ئەمرۆ ئەچنە ژیرشانی پەیام هەلگرانی سەلەفیەتو كۆنەپەرستی ئیسلامیەوە بۆ ئەوەی لەسەر كورسی دەسەلات دایانبنیێن. ئەمەیە ناوەرۆكی راستەقینەی كوردایەتیو ناسیونالیزمی كورد، ئایا هەر ئەوەندە بەس نیە بۆ ئەوەی هەزار جار بلیین ناسیۆنالیزم شەرمەزاریە بۆ بەشەر؟!

سەرانی بزووتنەوەی كوردایەتی هیچ باكیان لەوە نیە كە هاوكاری كۆنەپەرستانەترین بەدیلی ئەم سەردەمە بكەن، هاوكاری ئیسلامی سیاسی بكەن بۆ ئەوەی زنجیری ئەسارەت بخەنە گەردنی كۆمەلگای عیراقەوە. تەنانەت لە كیشمەكیشی ناو خودی ئەنجومەنەكەیاندا لەسەر حكومەتی ئیسلامیو حكومەتی غەیرە ئیسلامی، لە نیوان ئەیاد عەلاویو ئاخوندە عەمامە بەسەرەكاندا، لە كەنار عەمامەو شمشیرو بەربەریەتی ئیسلامی راوەستاون، تەنها بەو مەرجەی بەشی خۆیان لەم دەولەتە كۆنەپەرستانەیە مسۆگەر بكەن. باكیان لەوە نیە كە ببنە شەریكی ئیسلامیزە كردنی عیراق، بەو مەرجەی بە مەرامە قەبیحەكانی خۆیان بگەن. ئەوان بەمە فیرنو هیچ پرەنسیپیك نیە كە دەستیان بگریت، لە كوردستانیش لە ركەبەری لەگەل یەكدا تیرۆریزمی ئیسلامیان كرد بە بەلایەكی گەورەی كارەسات هینەر بۆ خەلك. بەلام دەست تیكەل كردنو هاوپەیمانیتی لەگەل لیستی ئیسلامی شیعەو راوەستان لە پشتی كاندیدی ئەم كۆنەپەرستانەترین بەدیلەی سەر ساحەی سیاسی عیراق، خەتاو تاوانیكی گەورەی دیكەی بزووتنەوەی كوردایەتیە بەرامبەر كۆمەلگای عیراق بە گشتی، گەورەترین بێ پرەسیپی سیاسیو ئەخلاقیە بەرامبەر ئەو جەماوەرەی دوینی بردیانە بەردەم صندوقی دەنگدان. ئەمە خالیكی رەشی دیكەیەو لاپەرەیەكی تر بۆ فایلی تاوانكاریان زیاد دەكات. لە هەمانكاتدا بەلگەیەكی تازە، بەلام گەورەو ئاشكرایە بۆ دروستی لیكدانەوەكانی ئیمە، بۆ پیویستی ئەوەی خەلكی كوردستان ئەم بەدیلو بزووتنەوە كۆنو پرتوكاوو كۆنەپەرستانەیە تیپەرینو دەست بە بەدیلیكی تازەوە بگرن كە هاوتای ئاواتو ئارەزوەكانیان بیت، وەلامدەرەوەی ئاواتو ئامانجە پیشكەوتوانەو هاوچەرخەكانیان بیت، بەدیلی ئازادیو سكولاریزمو یەكسانی بیت.

**رێبوار ئەحمەد**

**سكرتێری كۆمیتەی ناوەندی**

**حیزبی كۆمۆنیستی كریكاریی عیراق مارسی** 2005